## "مەلیک مەحمود

# لــە هــەڵــوێــســتــی نــەتــەوەیــی و نــیــشــتــمــانــیــدا"

بەختیار مەلا عززەت

دوای تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ١٩١٤ – ١٩١٨ جوڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان بە رابەرایەتی شێخ مەحمودی بەرزنجی لە ١٩١٨ – ١٩٣١ لە سلێمانیو دەوروبەری سەری هەڵدا.

لەو هەلومەرجە دژوارانەی دوای نەهامەتییەکانی جەنگ، شێخ مەحمودو گەلەکەی بەچەک رووبەڕووی هەموو ئەو گۆڕانکارییانە بوونەوە کە بەرنامەو نەخشە هەبوو کە تا مافە سەرەتاییەکانی نەتەوەی کورد پێشێل بکەن، شێخ مەحمود هەموو تواناکانی خۆی لە هەموو روویەکەوە خستە گەڕ بۆ دامەزراندنی کیانێکی نەتەوەیی بۆ گەلەکەی، بە پێچەوانەشەوە بەریتانیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بەشێوەیەکی داگیرکەرانەو بە بەرنامەو نەخشەی سیاسیو دیبلۆماسییانە کەوتە کار بۆ مسۆگەرکردنی ئامانجە ستراتیجییەکانی بەوەش سنووری سروشتی کوردستانیان تێکداو لکاندیان بە عیراقی عەرەبییەوەو لە ئەنجامدا دەوڵەتی عیراقی لێ دروستکرد.

(مەلیک فەیسەڵ)یان لە حیجازەوە هێناو کردیان بە پاشای عیراق هەر لەو دەمەوە شۆڕشەکەی شێخ مەحمود لەناو خەباتی چەکداریو بەربەرەکانیو ٣ جار دامەزراندنی حکومەتیو ئاوارەبوون دا دەژیا، کە بیستی راپەڕینەکەی ٦ی ئەیلوول لە سلێمانی بە لولەی تفەنگو مەترەلوز وەڵام دراوەتەوە بۆ تۆڵەی خوێنی بەناحەق رژاوی رۆڵەکانی کورد ژیانی ئاوەرەبوونی کوردستانی رۆژهەڵاتی بە جێهێشتو رووەو پێنجوێن دواتر بۆ گەرمیان لە ١٩٣١/٤/٥ لە ئاوەباریک راپەڕینی بەرپا کرد دژ بە حکومەتی پاشایەتیو داگیرکەرانی ئینگلیز، بەڵام لەبەر نابەرامبەری لەڕووی ژمارەی چەکدارو جۆری چەکو جبەخانەو زەمینو زەمانی ئەو شوێنەی هەڵیبژارد توشی تێک شکاندن بوو بۆیە بە یەکجاری دانیشتو لەناو خەونو خەیاڵی سەربەخۆییدا دەژیا تا لەرۆژی ١٩٥٦/١٠/٩ دوا ماڵئاوایی کردو لە مردنەکەشیدا لەناو ئاپورەی کۆمەڵانی خەڵکدا رووەو سجنی سلێمانی کە شێخ لەتیفی کوری لێبوو بە لوولەی تفەنگ جوابی کۆمەڵانی خەڵکیان دایەوە کە داوای ئازادبوونی شێخ لەتیفیان دەکرد تا مەراسیمی ناشتنەکەیدا بەشدار بێت تەنانەت بە مردووییش لێی دەترسان بۆیە گوللەیان نا بەلاشە پیرۆزەکەیەوە.

هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی شۆڕشی شێخ مەحمود زۆرن لێرەدا هەندێکیان دەخەینە روو.

* عەشایەرە کوردەکان کە لەگەڵ شێخ مەحمودا دادەنیشتنو گفتوگۆیان دەکرد، رووبەڕووی خۆی پشتیوانیان لێ دەکرد، لە پشتەوە لای ئینگلیزەکانیان رابەرایەتی شێخ مەحمودیان قبوڵ نەبوو.

* لە (١٩١٩/١١/١٧) مێجەر نوئیل بە نوێنەرایەتی (ویلسن)ی بریکاری حاکمی گشتی شاهانە لە بەغداو بە ئامادەبوونی زۆر لە سەرۆک عەشیرەتەکانی کوردستانو کۆمەڵانی خەڵک، لەبەردەرکی سەرای سلێمانی شێخ مەحمودیان بە مەلیکی کوردستان ناساند.

* ئەو سەردەمە کۆمەڵگای کوردەواری نوقمی نەخوێندەواریو هەژاریو نەخۆشیو کاریگەریو دیاردە خراپەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی ببووەوە، کۆمەڵگایەکی ئەوەندە دواکەوتوو بوو، شێخ مەحمود نەیدەتوانی لەسەر بەرنامەو نەخشەی دیاریکراو کار بۆ مەسەلە رەواکەی گەلەکەی بکات.

بۆیە مەلیک مەحمود لە رووی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانییەوە جاری وابووە دژی ئینگلیزەکان رووی دەکردە تورکەکانو بە پێچەوانەشەوە. ئەمەش ببووە هۆی ئەوەی ستراتیژی نەتەوەی کورد رووبەڕووی یەک ئاڕاستەی سیاسی دیاریکراو نەبێتەوەو تاکتیکی سیاسی ئینگلیزو تورکەکان، بە پێی زەمەنە جیاجیاکان بەسەر شێخ مەحمودو شۆڕشەکەیدا زاڵببێت، شۆڕشەکەی شێخ مەحمود لاواز بێو نەتوانێ بەرنامەو نەخشەی جوڵانەوەکەی جێبەجێبێت.

ئەمە لە توانای هەڵوێستو جوامێری شێخ مەحمود کەم ناکاتەوە، چونکە ئەوان دوو دەوڵەتی گەورەی خاوەن کیانو دەسەڵاتی سیاسیو ژێرخانی ئابووریو سەربازی بوون، رۆڵی دیاریان هەبووە لە جەنگی جیهانی یەکەمو ئاڕاستەی گۆڕانکارییەکانی دوای جەنگیش، گەلی کوردو شۆڕشەکەی هیچ بنەمایەکی سیاسیو زانستیو قەوارەی نەتەوەییو ژێرخانی ئابووریو سوپایەکی نیزامییان نەبووە، تەنها جوڵانەوەی نەتەوەی هەلومەرجی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی نەبێت.

ئەوەی مایەی نیگەرانییە هەندێ کەس کە لە رووداوو گۆڕانەکانی سەردەمی شێخ دەدوێن، رەچاوی هەلومەرجو زەمەنی واقعی ئەو سەردەمە ناکەن بە پێی میزاجو لە روانگەی ئێستاوە مێژووی ئەوسا هەڵدەسەنگێنن، ئەوەش دوورە لە تێڕوانینی زانستی بۆ مێژوو، ئەم شیتەڵکردنەوانە ناچنە خانەی هەڵسەنگاندنی ئەکادیمیانەی مێژووەوە، تەنیا رایەکی سەرپێیانە هەڵەی دوور لە واقعی مێژوویین.

بۆ ئەوەی مێژوو پڕ لە سەروەری شۆڕشەکەی شێخ مەحمود بخەینە روو، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ٨٥ ساڵ لەمەوبەر، ئەمەش پانۆرامایەکی ئەو شۆڕشە پڕ لە سەروەرییەی یەکەم مەلیکی کوردو یەکەم حکومەتی کوردییە. دوای ئەوەی کە ئینگلیزییەکان شێخ مەحمودیان بە برینداری لە بەردەقارەمانی بازیاندا دەستگیر کردو بە دەستبەسەری گواستیانەوە بۆ هندستان.

لە ١٩٢٢/٩/٣٠دا گەڕاندیانەوە بۆ سلێمانی لە ١٩٢٢/١٠/١٠ شێخ مەحمود یەکەم کابینەی حکومەتەکەی راگەیاند. ئەم راگەیاندنەش دووجار لە لاپەڕە ٢ و لاپەڕە ٤ ی ژمارە (١٠)ی (بانگی کوردستان) ساڵی یەکەم لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢دا بڵاوکراوەتەوە.

یەکەم کابینەکەی حکومەتی کوردستان بەم شێوەیە خراوەتە روو:

١- شێخ قادر سەرۆک وەزیران
٢- شێخ حەمە غەریب وەزیری ناوخۆ
٣- کەریمی عەلەکە وەزیری دارایی
٤- مستەفا پاشای یامولکی وەزیری زانیاری
٥- حەمە ئاغای ئەورەحمان ئاغا وەزیری نافیمە واتە ئەشغالو رێگاوبانو کشتوکاڵ
٦- ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ وەزیری گومرگ
٧- حاجی مەلا سەعید کەرکوکی زادە وەزیری دادپەروەریی
٨- سەید ئەحمەد بەرزنجی وەزیری ئاسایشی گشتی
٩- لیوا سدیق قادر پاشا موفەتیشی گشتی

لێرەدا وێنەی بڵاوکراوەی ئەو راگەیاندنە بە ئیمزای حکومداری کوردستان مەلیک مەحمود ئەخەینە روو

دووەم: هەڵکردنی ئاڵای حکومەتی کوردستان

لە ژمارە (٧)ی بانگی کوردستاندا، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە ١٥ی ئەیلوولی ١٣٣٨ بەرامبەر ٢ی ئەگۆستی ١٩٢٢ بڵاوکراوەتەوە لە سلێمانی، بە ئامادەبوونی شێخ مەحمودو عەشاماتێکی زۆر لە جەماوەرو عەشایەر لەلاپەڕە دووی رۆژنامەکەدا بەم شێوەیە لەسەر هەڵکردنی ئاڵاکە تۆمار کراوە:

"رۆژی (١٥)ی ئەیلوول ١٣٣٨ پاش نوێژی جومعە لە خۆشی مزگەوتی گەورەدا عساکی موجودەو شاگردان مکتب داشرافو وجودە اهالی مملکتو رۆسای موجودە عشایر صف بستە احترام بون لە ژێر بیداغەکانی ملی کوردستان کە هەڵکرابوون بحصی ادعیە خیریەو نطق خوێنرایەوەو بە او احترامە لەسەر دوایر حکومەتو قشلە عسکری پیداغەکان تمضیماتیکی لازمە تصب کرا تا دەگاتە ئەوەی دەنوسرێ".

"لەژێر بیداغەکاندا لە طراف عساکرەوە لە کل عهرو پیمان صداقت چەند دەستریژیک تفنگ کرا خدا لە کردستانی مبارک بکات".

هەڵکردنی هەمان ئاڵای کوردستان

لە لاپەڕە ٣ ی ژمارەی ٤ ی رۆژی کوردستان لە ١٥ی تشرینی ساڵی ١٩٢٢ لە هەڵەبجە بڵاوکراوەتەوە بە ئامادەبوونی شێخ مەحمود غەریب وەزیری ناوخۆ کە بەم شێوەیە تۆمار کراوە.

"بیداغ مبارک ئستقلالیت کوردستان هەڵکراو نطف ایراد کرا".

هەر هەمان ئاڵا لە لاپەڕە ٤ ی ژمارە (٥) رۆژی کوردستان لە قەزای چەمچەماڵ بڵاوکراوەتەوە. لەژمارە (٧) هەمان رۆژنامەدا هەمان ئاڵای لەقەزای رانیە هەڵکرا.

هەڵکردنی ئەم ئاڵایە لەو هەلومەرجە ناسکو ئاڵۆزەدا لە سلێمانیو رانیەو هەڵەبجەو چەمچەماڵ پەرۆشیو هەڵوێستی نەتەوەییو نیشتمانی مەلیک مەحمودە کە لەو سەردەمەدا حکومەتی خاوەن ئاڵا بووەو ئاڵای تێدا هەڵکراوە.

سێیەم: حکومەتی کوردستانو گرنگیدان بە بواری کلتووریو رووناکبیریی، حکومەتی کوردستانو مەلیک مەحمود لەو زەمەنەدا گرنگی بە بواری کلتوورو رووناکبیریی داوە، وەک:

آ: لە ٢ی (اغستوس)ی ١٩٢٢ رۆژنامەی بانگی کوردستانیان دەرکرد کە ١٣ ژمارەی لێ دەرچوو.

ب: لە ١٥ی تشرینی ساڵی ١٩٢٢دا (رۆژی کوردستان)یش دەرچووە کە (١٥) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

ج: لە ٢٠ی ئەیلوولی ١٣٣٩ بەرامبەر ١٩٢٣ امیر استقلال دەرچووەو ٢٥ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

د: لە ١٢ی نیسانی ١٩٢٣ بانگی حەق دەرچووەو تەنیا دوو ژمارەو پاشکۆیەکی لێ بڵاوکراوەتەوە.

ئەم بڵاوکراوانە ئەوە دەخاتە روو کە حکومەتەکەی کوردستان بە رابەرایەتی مەلیک مەحمود چەند گرنگی بە نووسینو بواری کلتووری داوە.

یەکەم رۆژنامەی شۆڕشی لەناو شۆڕشی چەکداریو نیشتمانیدا لەو سەردەمەدا بانگی حەق بووە. گرنگی ئەم رۆژنامەیە لەوەدایە کە دوای ئەوەی بەریتانیا سلێمانیان بۆردومان کردو دواتر داگیریان کرد، شێخ مەحمودو هێزەکەی روویان کردە سورداش و چاپخانەکەیان لەگەڵ خۆیاندا بردە ناو ئەشکەوتی جاسەنە، لەوێ ئەو دوو ژمارەو پاشکۆیەکیان دەرکرد.

لەبەرئەوەی مەلیک مەحمود لەناو دامەزراوی حکومەت لەناو شارو شۆڕشی چەکداریدا هەڵسوکەوتی کردبوو ئەو ئەزموونەی هەبوو لە دەرکردنی ئەو رۆژنامەیە کە بە رۆژنامەی شۆڕش ناو دەبرێت.

چوارەم: حکومەتی کوردستانو پەیوەندی دیبلۆماسی.

شێخ مەحمود بۆ بەدیهێنانی مافە رەواکانی گەلی کورد پەنای بردۆتە بەر خەباتی سیاسیو دیبلۆماسییانە بۆ ئەمەش بەنامەو ناردنی نوێنەر هەوڵی داوە (دیالۆگ) لەگەڵ بەریتانیاو سۆڤیەتو تورکیادا بکات.

لەوانە بەهۆی قونسولی سۆڤیەتەوە لە تەبریز نامەی ناردووە بۆ لینین بۆ هاوکاریو یارمەتی بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەنووس کە لە میتۆدی بانگەشەی سۆڤیەتدا بە رابەرایەتی لینین، ئەم دروشمە (مافی چارەنووسی گەلان) وەک دروشمێک خەباتی بۆ دەکرا.

* شێخ مەحمود رێزی هەموو ئایینە ئاسمانییەکانی گرتووە، بۆ نموونە زۆر رێزی لە کەسێتی کەریمی عەلەکە گرتووە، ئەمەش ئەو بوختانە بە درۆ دەخاتەوە کە شێخ مەحمود فەقیانەکەی بە دەستەوە گرتووە لەکاتی تەوقەکردنی لەگەڵ ئەوانەی کە موسڵمان نەبوو خۆ دانانی نەمر کەریمی عەلەکە بە وەزیری دارایی زیاتر ئەو بوختانە بە درۆ دەخاتەوە.

* هەر لەسەردەمی حکومەتەکەی مەلیک مەحمود پول لێدرا

* لە یەکێک لە ژمارەکانی ئومیدی استقلالدا بڵاوکراوەتەوە نیازی هەبوو سکەی پارە لێ بدات.

* شێخ مەحمود تەماعی لە کەرکوک هەبوو هەوڵی رزگارکردنی داوە.

شێخ مەحمود ئازایانە لە مەحکەمەدا رووبەڕووی ویلسن بۆتەوەو وتوویەتی:

"نەک مەحکەمەی عەسکەری ئینگلیز هیچ مەحکەمەیەکی تریش حەقی ئەوەی نییە موحاکەمەی من بکات، چونکە من گوناهبار نیم، من بۆ حەقی شەرعی قەومی کوردو بۆ کوردستان خۆم بەخت کردووە، رەنجو تەقەلام داوە، ئەو حقوقە لەلایەن دەوڵەتانی حولەفاوە ئیعترافی پێکراوە، من لەم رێگایەدا خۆم دەکەمە فیدا".

"ویلسن"ی بریکاری حاکمی گشتی شاهانە دەڵێ: (لە بازی بەندەکەی قۆڵیا قورئانێکی بچوکی کردەوە لەتاو لاپەڕەکانیا چواردە مادەکەی ویلسنی سەرۆکی ئەمریکای دەرهێناو مادەی (١٢)ی بۆ خوێندمەوە کە کرابوو بە کوردی) بەوە حەقی چارەنووسیو سەربەخۆیی تێدایە بۆ گەلی کورد.


بە پێی ئەم چەند خاڵەی کە لە پانۆراماکەدا خستمانە روو دەگەینە ئەو ئامانجە کە شێخ مەحمود بە پەرۆشەوەو بە بەردەوامی هەموو توانای خۆی دەخستەگەڕ بۆ سەرکەوتنی شۆڕشو دامەزراندنی کیانی سەربەخۆو بەدەستهێنانی مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد.

مەلیک مەحمود باش لە ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی، تێگەیشتبوو هەر لەو روانگەیەشەوە دەیڕوانییە مەسەلەی کوردستان، ئەوکاتانەی کە سمکۆی شکاکو مەحمودخانی دزلی کە لە کوردستانی رۆژهەڵاتەوە سەردانی کوردستانی باشوریان کردبوو لای مەلیک مەحمود و جەماوەری شاری سلێمانی پێشوازییەکی کەم وێنەیان لێکردن، شێخ مەحمود چۆن بە کردەوەو هەڵوێستو شۆڕشدا رووبەڕووی دوژمنانی گەلەکەی دەبووەوەو واش لە شعرەکانیدا تا دوا هەناسە بۆ گەلەکەی دەژیا کە تێدا دەڵێ:

کاتی شکارە دڵ بە موحیبەت کە برسییە
من بازمو شکاری وەتەن بێ رییا ئەکەم
پارێز ئەکەم بە هیمەتی حەیدەر حقوقی کورد
یا رۆحی خۆمو ئالی پەیەمبەر فیدا ئەکەم
گەرمانیعی حەققی میللەتی کورد بین عەرەب
پێش نوێژەکانم بە کوردی قەزا ئەکەم

### سەرچاوەکان:

١- رۆژنامەکانی سەردەمی حکومەتی شێخ مەحمود لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان سلێمانی ٢٠٠٣.
٢- حکومەتی کوردستانی جنوبی لەناو ململانێی سیاسەتی بریتانیادا یان حکومەتی کوردستان لەناو گەلی سیاسەتی بەریتانیادا ١٩١٨ – ١٩٢٤ کە کتێبێکی چاپ نەکراوی مەحمود مەلا عیزەتە کە بەم زووانە رووناکی دەبینێت.
٣- گۆڤاری سلێمانی ژمارە ٧٤ تایبەت ئەیلوولی ٢٠٠٦ ١٣/١١
٤- مامۆستا عومەر مارف بەرزنجی.



دیدێکی کوردی بۆ مەلیکی کوردستان

پیکەری هادی زیائەدین

---

پرۆژەیەکی هەفتانە

# کوردی و زمانانی دی

د. ئەحمەدی مەلا

لە سەر زمان شت نووسراوە: شتگەلێکی ئەکادیمی کە تەواو دابڕاو لەو کەسانەی بە کوردی دەنووسن، شتگەلێکی تێکەڵوپێکەڵ هەر لە رامانی فەلسەفییەوە بۆ رەهەندە شیعرییەکانی زمان. لە سەر هەمووشییەوە بایەخدانێکی زۆر بۆ ئەوەی کە زمانی کوردی پاراو و پەتی، بتوانێ ببێتە ناسنامەی میللەت. (تا زمانی بێگەرد بێت، هەندێ رەگەز و رەچەڵەک بێگەردە). هەڵبەتە ئەم رستەیەی کە کەوتۆتە نێو کەوانەوە لە بۆچوونێکی زانستییەوە سەریهەڵنەداوە، بەڵکو پەلەقاژەیەکی نەتەوەپەرستانەیە کە هیچ پەیوەندییەکی بە گەشەکردنی زمانەوە نییە!

ئەوەی لە نزیکەوە ئاشنایی لە گەڵ زمانە ئەورووپییەکان پەیدا کردبێت و بە شێوەیەکی زانستییانە مامەڵەی لە گەڵیان کردبێ، ئینجا بە تەواوی لە کەلێنەکانی زمانی کوردی تێدەگات. گوێت دەڵێت تا زمانێکی بێگانە فێر نەبێت نازانی زمانی دایکت چۆنە.

بەشێکی زۆریی ئەم کێشە بنەماگەرییە دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی کورد خۆی کە هەڵبەتە زمانەکەشی دەگرێتەوە، بەشێکی دیشی دەگەڕێتەوە بۆ سیستەمی پەروەردەیی کە هەر لە سەرەتاوە گرینگییەکی تەواوی نە بە نووسین نە بە خوێندنەوە نەداوە. لەبەرکردن جێی بیرکردنەوە دەگرێتەوە، تەواو وەکو قووتابخانەکانی چاخی ناوەندی ئەورووپا. گرینگی دان بە ئۆرگانی زاکیرە (مەحفووزات) کە یەکێکی وەکو کلۆب بە ئۆرگانی فەرامۆشکردن ناوی دەبات، تەنها لە پێناوی پەکخستنی زیهنییەتی رەخنەگرتنە. دوا بەشیشی پەیوەندی بە وانەوە هەیە کە تا ئێستا وەکو شاسواری زمان سەیرکراون و بوونەتە مەرجەع. چ وەکو فەرهەنگ، چ وەکو نووسەرانی وەچەی یەکەم، مەبەست لە پەخشان نووسانە، کە سامانێکی پەخشانی وایان بۆ جێنەهێشتووین کە ئیمڕۆ ببێتە مایەی تیژکردنی عەقڵ و بووژاندنەوە وریایی.

بۆ ئەوەی چەمک و بۆچوونەکانیش تێکەڵ نەکەین، وەزیفەی زمان هەروەکو ئەوەی ژاکۆبسۆن تەرحی دەکات، با لەبەر چاو بگرین، واتە مەبەستمان لەو وەزیفەیە نییە کە کۆد لە سەر کۆد ئیش دەکات کە نووسینی شیعریی دەگەڕێتەوە؛ بەڵکو زمان وەکو چەمکی تیگەیشتن و کۆمینیکاسیۆن و زانیاری پەیداکردنمان لە لا مەبەستە.

کەواتە چین گشت ئەو نووقسانییەی کە وەکو گەرا هەموو رۆژێ لە نێو زمانی کوردی دا هەڵدێن؟ لێرە با نووقسانی بڵێین "نا راسیۆنال": واتە هەندەی کەفوکوڵ جڵەوی قەڵەمی بە دەستەوەیە هەندە نووسین نەبۆتە کارێکی راسیۆنال، هەندە موخاتەبەی داوی سۆز دەکرێت، هەندە مەبەستی گەیاندن نییە، هەندەی لە موریدی نوێ دەگەڕێت، هەندە دیالۆگی لە لا مەبەست نییە، هەندە وەکو ئازا دێتە مەیدان، هەندە وەکو نووسەر قەڵەمی نەگرتۆتە دەست. کەواتە لە لا تەرازووی هاوکێشەکە سۆز و موريد و ئازا دەبنە تەونی واتایی کە سەر بە گەنجینەی مەعریفەی کۆنە. کۆن بە مانا هەرە تیروتەسەلەکەی!

سەرەڕای ئەوەی لەم دە پانزە ساڵەی دوایی، کە بە سەرەتای سەرهەڵدانی نەوەیەکی نوێ دەژمێردرێت کە ویستوویەتی پرسیاری گرینگ لەمەڕ زمان و کێشە کولتوورییەکانی کوردی بورووژێنێ، بەڵام ئەویش نەیتوانیوە بە تەواوی لەو خڵتەیە خۆی پاککاتەوە.

بەم واتایە، تا ئێستا کەم توخنی پاککردنەوەی خڵتی ناعەقڵانییەت کەوتووین. هەندێ جار بەو نیازەش قەڵەممان گرتۆتە دەست، بەڵام چش! مەبەست لە خڵتی ناعەقڵانییەتیش سەرجەم ئەو دەستەواژە و وێنەو ئێدۆماتیکانەن کە لە سەرچاوە سەرەتاییە غەریزەییەکانەوە دەگەنە ئێمە. لەسەر چەمکە سەرەتاییەکان ئیش دەکەن و زیندوویان دەکەنەوە. لە جیاتی ئەوەی گەمەی تەندروست لە گەڵ عەقڵ چێ بکات، رۆ دەچێتە هەوارە تاریکەکانی خود و نغرۆی دەکات. هەندێ جار بەرگی نوێخوازیان دەکرێتە بەر و بە رەوانبێژییەکی نوێوە دەوترێن و دەنووسرێن و دووپات دەبنەوە، بەڵام رۆحیان کۆنە. واتە ئەو میکانیسمەی کە ئەو توخمە زمانەوانییانە دەبزوێنێ، سەر بە ئامێرێکی کۆنن. مەخابن! ئەم جۆرە نووسیانانە لە کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکان رەواجیان گەلێ زیاترە و وەکو رێکلام دەچێتە ژێرخانی عەقڵەوە و کاری خۆی دەکات.

ئەم دیاردەیە لە زمانەکانی فەرەنسی و ئیسپانی و ئینگلیزی تا سنوورێکی زۆر رزگاریان بووە. ئەمەش یەکێکە لە هۆکارە بنچینەییەکان کە ئینسانی کورد کاتێ لە پەیمانگا و دانشگا رۆژئاواییەکان دەخوێنێ دووچاری گەلێ کێشەی بنەمایی دەبێتەوە کە روسییەک یا ڤەنزەوێلییەک یا ئەفریقاییەک تووشی نابێت.

ئەم گرفتەش هەندێجار وایکردووە کە کاتێک دەقێکی کوردی تەرجەمەی ئەم زمانانە دەکرێت هەست دەکەین رۆحی بەبەرەوە نامێنێ، وەکو ئەوەی دەقی کوردی لە تویکڵێک پێکهاتبێت تەنها توانای هەبێت کە بتوانێ موخاتەبەی ئینسانی کورد بکات. لە پاڵ نەبوونی کادیری وەرگێڕی لێوەشاوە، ئایا ئەمە یەکێ لەو هۆکارانە نییە کە بەرهەمی کوردی کەم تەرجەمەی زمانەکانی دونیا دەکرێت؟

گرفتی سەرەکی لە زمانەکە نییە، مەبەست لە ئەلفوبێی و وشە و رستە و رێزمانی زمانەکەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەبنەمای زیهن و فیکرەوە هەیە. ئەم کێشەیە دەبێت لە ئاستی وەزارەتەکانی رۆشنبیریی و پەروەردە و بە شێوەیەکی زۆر جیدیی مامەڵەی لە گەڵ بکرێت، چونکە بە بێ خەملاندنی زمانێکی هاوچەرخ مومکین نییە میللەتێک ئیمڕۆ بتوانێ هاوشان لە گەڵ رەوتی دونیادا گوزەر بکات.

یەکێ لەو پێشنیارانەی کە دەکرێ ببێتە پرۆژەیەکی عەمەلی، بەکارهێنانی دوو زمانی زیندووی جیهانە، لە پاڵ کوردی و عەرەبی، هەر لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە؛ چونکە لە دیدی زانستیشەوە، مناڵ ئەو توانایەی لێ رەچاو دەکرێت. ئەمەش یەکێکە لەو ئەرکە مێژووییانەی کە گرینگی گەلە زیاترە لە ئافراندنی سر،ودێکی نوێ بۆ نیشتیمان کە تەنها لە خەمێک ساوێلکەیەوە سەریهەڵداوە و بە بەرهەمێکی ساوێلکەش کۆتایی هات.

دانیشگای کاستیا لامانچا – ئیسپانیا